# کورد پاش لە سێدارەدانی سەدام سەری عەلی کیمیای و ورگی تەها یاسینی بەردەکەوێت .....

**رزگار کۆچەر**

rzgar_kochar@hotmai.com



لەوەتەی فامم کردوە و بە یەك دوو قسەی سیاسەتزانان هەڵخەڵەتاوم , هەردەم نەتەوەکەی خۆم بە نەتەوەی پلە دوو و پلە سێ لە گەشت ئەو ولاتە داگیرکەرانە بەرچاو کەوتوە, جا لەوانەیە سیستەمی دیکتاتۆری و زەبرو زەنگی دەسەلات دارانی ئەم ولاتانە هۆکارێك بن بەلاّم زۆرجاریش سیاسەتی ناحەکیمانەی سەرکردەکانی ئێمەو پارتە سیاسیەکانی خۆشمان هۆکاری هەرە سەرەکین بۆ هەموو ئەو پرسانەی کە دسەلاتە جیاکانی ئەم ولاتە دیکتاتۆریانە ئەنجامی دەدەن , دیارە منیش وەك تاکێکی ئەو هەموو قوربانیە زۆرانەی دەسەلاّتی رژێمی بەعسی گۆر بە گۆر کەم تا زۆر هەموو ئەوا ئازارانەم بەرکەتووە کە ئەو رژێمە بەرامبەر بەرهڵسستکارەکانی و مرۆڤە ئاساییەکانی ئەنجامی داوە , هەر بۆیە هەردەم لەگۆشە نیگایەك بە ئاواتی ئەوە بوومە هەموو کارەبەدەستان و پیاوانی ئەو رژێمە تۆڵەی هەموو ئەو کەسانەیان لێبکرێتەوە کە بونەتە قوربانی ئەو پیاوە نەخۆشانەی کە سەدام پێش هەموویان دێت , جا لە سێدارەدانی سەدام وەك ووتم خون وئازادی هەموو ئەو کەسانە بووە کە خەونیان تۆڵەکردنەوە بووە لەم رژێمەو تەواوی سەرانی حزبە فاشیەکەی کە بەعسی عەربی پێ دەگوترێت .

بەپەلە لە سیدارەدانی سەدام رەش کردنەوەی دۆسییەی ئەنفال و هەڵبجە و داخستنی لاپەرە دراوەکانی ئەم دادگایە پێم وایە گەورەترین نسکۆیە بۆ کورد کە دووبارە دەسەلاتی سەفەوی عێراقی کە خۆی لە هەردوو حکومەتەکەی جەحفەری ومالکی دەبینێتەوە بەرمبەر نەتەوەی کورد کردیان , بۆیە وەك تاکێکی کورد هیج دلّم بە لەسێدارەدانی سەدام خۆش نەبووە لەبەر ئەوەش نا کە سەدام نەهێنیەکانی لەگەل خۆی بردە نێو گۆرێك لە گوندی عۆجە بەڵکو هەستم کرد سەدام و حکومەتە سەفەویەکەی ئێستای عێراق هەردوکیان تەواوکەری هەردوو دیوەکەی پارەیەکن , بەیانیش موقتەدا وەك سەدامی لێدێت ئەگەر کورد بەم شێوەیە لە هاوکێشە سەختەکانی بینرا , بێجگە لەمەش لەگەل لە سێدارەدانی سەدام دیسان کوردیان بە پلە دوو حسێب کردوو هیج ئیعتبارێکیان بۆئەم هەموو قوربانیدان و تێکۆشانە نەکرد, وەبێ ئەوەی

هیچ حسێبێکان بۆ واژۆیەکەی مام جەلال هەبێت وتەنانەت بۆ پرسکردنیش خۆیان ماندوو نەکرد و نەیان هێشت دۆسیە تایبەتەکانی ئەو دادگای تەواوبکرێت کە هاولاتیانی کورد بەشی شێریان بەرکەوتوە لە قوربانیدان و گۆرە بە کۆمەڵەکان , دیارە لە سێدارەدانی سەدام لەم کاتە لە سێدارەدانی ئەنفال و هەڵەبجیەکانە لە گۆرنانی هەموو ئەو دۆسیانەیە کە کورد زیاتر لە دوو ساڵە بەڵگەی لەمەر کۆدەکرێتەوە و دەیانەوێت تاوانبارە شریکەکانی سەدام بە خۆمان و بە دونیا بناسێنن ! !

ئەگەر چی لەم سێ ساڵەی رابردوو و بەتایبەتی لەو کاتەی ئەمەریکا وەك هێزێکی رزگارکارو ئینجا داگیرکەر خۆی لە گۆرپانی سیاسی ئەم ناوچەیە جێ گیر کرد بەڵام بە هیچ شێوەیەك ئەم هێزە زەبەلاحە نەی توانی سیاسەتێکی روون ئاشکرای هەبێت , لێرەش دەکرێت بڵێن ئەمەریکا لە بەرژەوندیە تایبەتیەکانی خۆی زیاتر کاری بۆ هیچی تر نەکرد لە عێراق بێجگە لە دروست کردن و بڵاو کردنەوەی فەساد بە هەموو شێوەکانیەوە , لەگەل ئەمەش ئەمەریکا دیسان بە لەسێدارەدانی سەدام تاوانەکانی خۆی بەرامبەر گەلی کورد لە حۆجە زیندە بەچال کردوو هەموو ئەو هاوکاریانەی جاران پێشکەشی رژێمی سەدامی کردبوو کردیە بەشێك لە جەستە مردووەکەی سەدام و ناو گۆری نا..

ئێستاش حکومەتە سەفەویەکەی بەغدا پاش راپۆرتەکەی پێکەرو هاملۆن بە هاوکاری ئەمەریکای داگیرکار دیسان پێمانی گوت ئێوە ئەگەر قوربانیشتان دابێت و رۆلی سەرەکیش لە سەقامگیرکردنی ئاشتی لە عێراق ببینن و دوبارە عێراقی تازە بنیات بنێنەوە ئەوا ئێوە هەر مواتنی دەرەجە دوون لە هەموو دەستکەوتەکان , دڵنیاشم ئێستا پاش لە سیدارەدانی سەدام سەرانی حکومەتە شیعە مەزهەبەکەی عێراق بە سەرکردەکانمان دەڵێن سەری سەدام بۆ ئێمە بوو گەر رازین ئەو سەری عەلی حەسن مەجید بۆ ئێوە گەر رازیش نین ئەوا سەرو ورگی تەها یاسین رەمەزان بۆخۆتان ...

تکایە لە بیرتان نەچێت گەر نۆرەی لە سێدارەدانی عەلی کیمیای و تەها یاسین هات ئێوەش هاوار نەکەن و نەلێن **موقتەدا مقتەدا** ....